فریدریش شیللێر، فیلۆسۆف، لێکۆڵەرەوەی مێژوو و شاعیری ئالمانیی گوتوویە :

پێگەی مرۆڤایەتیی لەسەر پەیمان، وەفابە پەیمان و راستوێژیی داندراوە. کەسێک ئەو پەسنانەی نەبێ شیاوی ناوی مرۆڤ نییە.

# پێداچوونەوەیەک بە "پێداچوونەوەی دەقی وەرگێردراوی "کتێبی خولیا و مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

## بەشی پێنجەم


## مافناس : حەسەن ئەیوبزادە

<u>**هەزاران تەزویری مەلاعەبدوللا حەسەنزادە( حەییاکیی) ، پێوەندیی‌یە نهێنیی‌کانی بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە ئاشکرا دەکەن**</u>

**کورتەیەک لە بەشەکانی بەرێ**

کارۆل پرۆن هۆبێر رۆژنامە نووسێکی وێنێزۆئێلاییە و کتێبێکی لەسەر بەشێک لە ژیانی د.قاسملوو بەزمانی سپانیۆلی نووسیوە. نووسەر خۆی سالی ٢٠٠٩ ئەو کتێبەی کردووەبە ئینگلیزی و لە ئەمریکا بڵاو کراوەتەوە.

مامۆستا فتاح کاویان ئەندامی پێشتری کومیتەی ناوەندیی حدکا لە ساڵی دوو هەزارو نۆ ئەو کتێبەی لە ئینگلیزیی‌یەوە کردووە بە کوردیی و " مەلا عەبدوللا حەسەنزادەی " ناسراو بە حەیاکیی، ئەندامی پێشتری کومیتەی ناوەندیی حدکا " بێ ئەوە وشەیەکی لە زمانی ئینگلیزیی زانیبێ، خۆی کردووە بە "ئێدیتۆر"ی ئەوکتێبە.




ئێدیتۆر لانی کەم دەبێ لە دوو زماندا شارەزا و پسپۆر بێ. یەکەم ئەو زمانەی کتێبەکەی پێنووسراوە. دووهەم شارەزای ئەو زمانەبێ کە بۆی وەرگێردراوە.

لە لێکۆلینەوەیەکی ورد بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوڵلادا دەرکەوتووە کە ناوبراو بۆ پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکانی تاوانبارکراوبە کوشتنی د.قاسملووو عەبدوڵلاقادریی ئازەر، چەواشەکردنی واقعییەتی جینایەتی تێرۆرەکە و بە فریوبردنی بیروڕای گشتیی و شاردنەوەی دەوری جینایەتکارانەی هاوکارانی تێرۆریستەکان هەزران تەزویری لە پێداچوونەوەکەی بە دەقەکوردیی‌یەکەی مامۆستاکاویاندا کردووە.

تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا هەرکام ئەمارەیەکی دادوەریی بۆ سەلماندنی هاوکاریی راستەوخۆی ناوبراو لە گەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وزانیاریی یەکێتی نیشتمانیی وبەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەو تەنزیمەن..

یەکێ لە تایبەتمەندیی‌یەکانی ئەو تەزویرانەی مەلا عەبدوللا ئەوەیە کە بەشێک لە نهێنیی تێرۆری د.قاسملوو و هاوکاریی کردنیمەڵا عەبدوللای لەگەڵ محمد جعفری صحرارودی(برادر رحیمی) و هاوکارەکانی، ئاشکرا کردووە. دەوری مەلاعەبدوللا لە تێرۆری د.شەرەفکەندیش دا بە وتەی علی فلاحیان لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ سەبارەت بە نفوز و کارتێکەریی " وەزارت اطلاعات" لە توێژی سەرەوەی حدکادا بە وەبەرچاوگرتنی پێوەندیی‌یەکانی مەلا عەبدوللاو تالەبانیی و صحرارودیی و تێرۆری سەدان ئەندامی حدکا لەباشوری کوردستان جێێ رامان و لێکۆلینەوەیە.

وەکو باس کرا لە پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوودا، ئەماره دادوەریی‌یەکان نیشاندەدەن کە حەسەن زادە وەکو بەشێک لە سەرکردەکانی تەنزیمی یەکێتیی نیشتمانیی بەر لە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندییش لە گەڵ صحرارودی بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر هاوکاریی کردووە. دەرفەتی ئەو هاوکاریی یە بۆ ئەو دوو کەسە لە لایەن تالەبانیی‌یەوە رەخسابوو. بروانە ئەودوو بەڵگەنامەیە کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

صحرارودی لە مانگی دەی ١٩٨٦ بە پێی ڕێگەوتنی تالەبانی لەگەل پاسدار ذوالقدر بۆ تواندنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی لە ناو سپای پاسداراندا " دەفتەری سەرەکیی ئێران"ی لەیاخسەمەر دامەزراند.

یاخسەمەر شوێنی مانەوەی تالەبانیی لە دەکیلۆمیتری دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ بوو. نەوشیروان مصطفی ئەو رێکەوتنەی بەو جۆرەکە بووە لە لاپەڕەی ١٠٥ کتێبی خولانەوە لەناو بازنەدا بڵاو کردووەتەوە. نەوشیروان مصطفی نەیشاردووەتەوە کە کاری ئەو دەفتەرەسەرەکیی‌یەی ئێران" لە یاخسەمەر کێشەی موعارەزەی ئێران واتە حدکا و دوکتور قاسملوو بووە. کرتە بکە سەر ئێرە و Ctrlداگرە!

چاپی یەکەمی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لە ١٩٩٩ لە "مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان" لە ئالمان بووە. چاپی دوومی ئەو کتێبەلە لایەن ناوەندی چاپ و راگەیاندنی خاک لە سلێمانی بڵاو کراوتەوە.

یاخسەمەر تەنیا شوێنی کاری تالەبانیی بووە و هێچکام لە ئەندامانی سەرەکیی ینک لەوێ جێگیر نەبوون.

بەوردیی نەزانراوە دەفتەری سەرەکیی ئێران لە یاخسەمەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی شەرو جموجۆلەکانی سپای عیراق لە بەرەکانی شەرلە چ رێکەوتێ بۆ سەردەشت راگوێزراوە

هاوکاریی بەربڵاوی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە سەردەشت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی نیزامیی و هاتوچۆی ئەرتەش و ئالوگۆڕەسەربازیی‌یەکان لەسەرانسەری عێراق هاندرێ رژیمی جینایەتکاری عێراق بۆ بۆمبارانی شاری سەردەشت بە بۆمبی کۆمەڵ کوژی " شیمیایی بووە. لەو بۆمبارانەدا ٥٤بە سەدان کەس کوژراون و بە هەزارانیش بریندا کراون.

توانەوەی ینک لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای‌پاسداران و راگەیاندنی ئەو تێکەلاویی‌یە بە ئاشکرا وپروپاگەندەیەکی زۆری رژیمی ئاخوندەکان بۆ راگەیاندنی هێرشێکی نومایشیی بۆ سەر دامەزراوێکی حکومەتیی لە کەرکوک بە هاوکاریی ینک وێدەچێ بە هاوئاهەنگیی رژیمی ئێران بۆ خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکانی ئەنفالەکان ،هەلەبجە و سەردەشت بووبێ.

نەوشیروان مصطفی لەو روداوانەی کەباسی کردوون ئێمە لە واقعییەتگەلێک ئاگاداردەکا کە خولقێنەری زەمینەی هەموو کارەساتەکان بوون.

ئامۆژگاریی کردنی طارق عزیز بە فەرەیدون عەبدولقادر و داواکەی کە لەگەل رژیم رێک بکەون. درکاندنی خەبەری کۆتایی هێنان بەشەری ئێران و عێراق و پلانی رژیم بۆ کورد لەحالەتێکدا کە ینک لەگەل ئێران رێک بکەوێ لەو باسەدا جێ دەگری کە سەرتر نووسرا. بروانە ئەو بەرنامەیەی ئاخوندەکان بۆ تاڵەبانیی‌یان دارشت و ئەویش بۆی بەڕێوە بردن:

"گفتگوی صریح کیهان با طاڵبانی پیرامون آینده جنگ و همپیمانی با ایران"؟! واتە راگەیاندنی تواندنەوەی ئەوتەنزیمە لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداراندا بە ناوی "هاوپەیمانیی" ئەو وتانەی کە لە ١٣٦٦ (١٩٨٧) بڵاوکراوەتەوە دنەدانی رژیمی بەعس بۆ جینایەتی ئەنفالەکان بووە. خولقێنەری زەمینەی ئەنفالەکان وبەڕێوەبەرانی پلانی جینایەتەکان ریژیمی فاشیستی بەعس بوو. بروانە ئەو دروشمانە : تاطالبانی "*همپیمانی با ایران برای مقابله با تهاجم بعثی‌ها یک پارامتر تعیین‌کننده‌است".


**طالبانی**"* ملت کورد یکی از ملل جهان اسلام است. "

* ما خودرا جزو ترکیب‌بندی عربی عراق نمیدانیم ". بخوێنەوە ! " اتحادیە ممالک اسلامی( هلال شیعە)پێکهاتوو لە شیعەی عێراق، عەلەویی‌یەکانی سوریا، شیعەی لوبنان، یەمەن، عەرەبستان، بەسەرۆکایەتیی ئێرانی ئیسلامیی و هەموو کوردستان بەسەرۆکایەتیی جەلال تالەبانیی... بروانە نامەنهێنیی‌یەکەی تالەبانیی بۆ جەبارفەرمان!. بروانە ئەو گوفتوگۆیە بە زمانی فارسیی! کرتە بۆ ئێرە بکە و ئێرە و ئێرە Ctrlدابگرە !

"پلانی هاوکاریی کوردو ئێران." ئەو دروشمانە هەموو ولاتانی ئیسلامیی وجیهانی دژ بە کورد هاندا و بێدەنگەیان لە بەکار هێنانی چەکی کۆکوژی بە دژی کورد کرد. ئەوەی کە تالەبانیی بڵای کردەوە وتاری سیاسیی کورد نەبوو ئەوە وتاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بوو. گۆڕێنی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراست ؟! دەقی ئەو گوفتوگۆیە و نامەکەی کەماڵ فوئاد بۆ شەوکەتی حاجی

موشـير لاپـەرەی ٨٩کـە کـوردقڕانی هەڵەبجـەی بـە "ئەرکـە پیرۆزەکـە" بـۆ کۆمـاری ئیسـلامیی ناولێناوە،گۆشـەیەکی پچـووک لـە واقعییـەتی سیاسـەتی ماڵوێرانکـەری تالـەبانیی و ینـک و تێوەگلانـدنی کـورد لـە شـەڕێک کـە هـی کـورد نـەبوو ئاشـکرا کـردووە. کـورد کـرا بـوو بـە تـابوری پێنجـی سـپای پاسداران . لـەو پەیوەندییـەدا بروانـە نامەکـەی فـواد مەعسـوم لـە کتێبـی کارەسـاتی کیمیابـارانی هەڵەبجە سالّی ١٩٨٨ بۆ شەوکەتی حاجی موشیر.!

کاک فرەیدون[فەرەیدون] ، ئێستا سەعات ٩ی شەوە تەلەفونی کردووە و دەڵی بونی کاک شەوکەت پێویستە.... بۆ عملیەکە... تۆش وەک هەواڵێکی ملتزم دەبێ بۆ ئەم واجبە بچی وە[و]خۆشم هەڤالانی,م.س( مەکتەبی سیاسیی )ئاگادار دەکەمەوە وە[و] لەسەر تەلەفونی کاک فەرەیدون و رەئی خۆشم لەم رووەوە دەدەم. بیگۆمان ئەندامی شۆڕشگێران بە تایبەتی کە کادرێکی قیادی بێ دەبێ خەبات هەمیشە لە سەرەوەی هەموو ئارەرەزوو حەساسییەتێکی بێ . هومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە کارە پیرۆزەکە.



مەگـەر لـە کـاتی چونتانـدا م.س . سـەر لـە نـوێ بریـارێکی پێچەوانـەی رەئـی کـاک فەرەیـدون و مـن ئاگـادار کەنـەوە ... دیسـان هـەر کـادرو ملتزمەکـەی ... جـارێکی دیکـە سـەرکەوتو بیـت. هـەڤالت فوئـاد ٨٨/١٢/٢٢

"ئەرکـە پیـرۆزە کـەی" شـەوکەتی حـاجی موشـیر و دوکتـور مەعسـوم، فەرەیـدون عەبـدولقادر و مەکتـەبی سیاسـیی ینـک خولقانـدنی زەمینـەی کوشـتاری خـەڵکی هەڵەبجـە بـۆ جینایـەتکارانی رژیمـی بـەعس بـووە. [ فـامکراو لـە راپـۆرتی ٢٩–٣١ /١٠ /٢٠٠٩ بـۆ پلێنـۆمی چـوار نووسـینی جەلال تالەبانیی]

ئەو روداوانەی کە باس دەکرێن بە هەڵکەوت نەبوون و دارێژراو و بەرهەمی هاوکاریی کورد و سپای پاسداران بوون.

لەشەردا گرنگترین شوێنە ئیتتیلاعاتییەکان کە مێشکی بەرێوەبەریی شەرەکەن دەکرێنە ئامانجی هێرش.

کردنی سەدەشت بە ناوندی اطلاعات ی رژیمی کۆماری ئیسلامیی

کردنـی شـاری سەردەشـت بـە ناوەنـدی ئیتتیلاعـاتی رژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی بـە بەشـداریی ئیتتیلاعـاتی سـپا و ئەنـدامانی سەرکردایەتیی ینک دەگوترێ بە ئیبتیکاری تالەبانیی بووە.

لـەشـەردا ئـەو شـوێنانەکە ناوەنـدی کۆکردنـەوەی زانیـاریی شـەرو مەیدانـەکانی عەمـەلیایتی ونیزامیـی و بریـارو فەرماندەرین دەکرێنـە ئامانجی چەکە توناکەرەکان.

کردنە ئەوشارە بە ناوەندی کۆکردنەوەی خەبەری بەرەکانی شەر بوو بە هاندەری رژیمی صدام بۆ بۆمبارانکردنی ئەوشارە.

حسـین محمـدیان لـە بیرەوەرییـەکانی خـۆی کـە لـە بۆمبـارانی شـاری سەردەشـت بـە گـازی شـیمیایی لـە ٧ تیـر ١٣٦٦ برینـدار ببـوو نـاردراوە بـۆ سـپانیاو دوای چارەسـەرکردنی بینـایی چاوەکـانی گـەڕابۆوە بـۆ بـۆ سەردەشـت. نـاوبراو لـە لاپـەرەی ٧ کتێبەکـەیدا بـە نـاوی ',بـویی ناآشـنا کـە لـە بـەهاری ١٣٨٠ نووسـیویە لـە بۆمبارانەکـە و کەسـەری ئـەو خەلکـە بێتاوانـە و بیرەوەرییـەکانی دەدوێ و دەنوسـی :"بمبـاران حـدود ١٥٠ شـهید و هـزاران مصـدوم بـە گفتـەی برخـی بـیش از دەهـزار مصـدوم برجـای گذاشـت. شـاهد اسـامی یکصـدو نـە تـنرا در آخـر کتـابش ذکر کردەاست." کتێبـەکـە لـە انتشـارات عابـد لـە تـاران خیابـان طـال– نـبش ملـک الشـحرای بهـار– سـاختمان ایران بک– طبقه سوم . آدرس پستی ١٤٤٥٥–٦٧٨ شابک ISBN 964–364–028–0

**حەسەنزادە سێ مانگ و دەرۆژ دوای ١٧ سێپتامبری ١٩٩٢ (رۆژی تێرۆری د.شەرەفکەندیی) ، ئەندامانی حدکای بە پیلانێکی سێ لایەنەی خۆی، تالەبانیی وصحرارودی لە قەندیلەوە بۆ کۆیە رادا. پیلانی تواندنەوەی حدکا و بوونی مەلا عەبدوللا بە بەشێک لە هاوپەیمانیی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تۆڵە ئەستاندنەوەی سپا لە ئەندامانی فیداکاری حدکا بە هاوکاریی مەلا عەبدوللاو تیمەکەی لێرەوە دەستی پێکردووە.**

**دەزگای زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی بە پێی کۆنوسی ١٩٩٥/٦/١ بەشێک بووە لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrlدابگرە! بروانە کتێبی شەری کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێیبەرپرسیارە! لاپەرەکانی ٣٨١–٣٨٢–٣٨٣**

**" رێکەوتن"ی مانگی دەی ١٩٨٦ی تالەبانیی و پێنج لە هاورێیانی لەگەل باقری ذوالقدر هیچ ئیعتیبارێکی قانوونیی، حقوقیی– سیاسیی نەبووە. ئەو رێکەوتنە، یەکێتیی نیشتمانیی کرد بە تابوری پێنجی رژیمی ئێران(ستون پنجم) . بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا. کرتە بکە سەر ١٠٥ و Ctrlدابگرە!**

**دوای رادانی حدکا بە پیلانی مەلا عەبدوللا و هاندانی تالەبانیی وگوشاری صحرارودی لە قەندیلەوە بۆکۆیە مەلا عەبدوللا کرا بە موختارو موستەشاری ئەمنییەتیی تالەبانیی لە قژلەکەی هەرمۆتەدا . ناوبراو بۆ بەکوشتدانی ئەندامانی حدکالەو کوشتارگە یە دوو رومای جیاوازیی نیشانداوە. نەوشیروان مصطفی لە کێشەنامەکەیدا دژی وتەکانی تالەبانیی لەوەلامی راپۆرتەکەیدا بۆ پلێنۆمی ٤ ینک نووسیبووی :" ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری". لە راستییدا ئەو وتەیەی نەوشیروان بۆ مەلا عەبدوللاش پربەپێستە، بەلام نە بۆ تاک بەڵکو دەبێ بۆ کۆ بنووسرێ: "ئەشیان کوژێ و بۆشیان ئەگرێ".**

**ئەندامانی سەرۆکایەتیی ینک بە تایبەتیی، تالەبانیی، فواد معصوم، کەمال فواد، دارا شێخ نوری، و چەتو حەوێزیی بە هاودەستیی مەلا عەبدوللا دەورێکی فریودەرانە و دوژمنانەیان بۆ تونا کردنی حدکا بۆ خزمەت بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران گێراوە. بروانە ئەو بەڵگەنامەیە لەو لینکە دا!**
http://www.peshmergekan.com/pdki/pdki-puk-hersh-peshmergekan-com.pdf
**کرتە بۆ ئێرە بکەو Ctrlداگرە**

**هیچ جینایەتێک دژی حدکا لە باشووری کوردستان بە بێ هاوکاریی راستەو خۆی مەلا عەبدوللا و تیمە کەی نەکراوە. زیانێکی کە مەلاعەبدوللا وتیمەکەی و یەکێتیی نیشتمانیی بە کورد لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستانیان گەیاندووە زیاتر لە جینایەت و کەسەرو کارەساتی جینایەتکارانی رژیم بۆ سەر کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بووە. تاوانی سەرەکیی هەموو جینایەتەکان لە ئەستۆی مەلا عەبدوللا و تیمەکەی و ئاکامی رادانی حدکابۆ قژلەکەی کۆیە بووە.**

**تێبینیی : تاڵەبانیی لە سیاسەتدا تەنیا بەدوای بەرژەوەندیی خۆیدا گەڕاوە و هیچ بەرپرسایەتییەکی لەبەرامبەر مەلا عەبدوللا حەسەن زادە و ئەندامانی حدکا و کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەبووە.**

### ئەمارە دادوەریی یەکان

**بەشێک لەو ئەمارە دادوەریییانەی کە لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا لە لێکۆلینەوەکانی دادوەرانی لێکۆلینەوەی پەروەندەی تێرۆریی د.قاسملوو دا دەبینەدرێن، ئاڵقەی بزرکراو بوون و دادوەرەکان و پۆلیس دەبوو بەدوایاندا بگەڕێن. بەڵگەنامە ناوخۆییەکانی حدکا بە نهێنیی راگیراون و مەلا عەبدوللا و هجری نەیانویستووە بڵاو بنەوە. بەڵام ئەو پەروەندانەی کە پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوە و وەکیلی پەروەندەکە بۆ هاوژینی د.قاسملوو و دەفتەری حدکا نارد بوون لە لایەن مەلا عەبدوللاوە درابوون بە بنبێلا، تالەبانیی و صحرارودی. وتەکانی بنبێلاو تالەبانیی لە وتویژ لەگەل کارۆلدا بخوێنەوە. ئەوەی ئەو دوو کەسە دوای تێرۆری دقاسملوو بلاویان کردبوونە و ئەوەی بۆ کارۆل پرۆن هۆبێریان باس کردبوو جیاوازن. ئەوەی کە لە ٢٠٠٩ لە لایەن تالەبانیی و بنبێلاوە گوترابوون لەگەڵ ئەو زانیارییانە کە دادوەران کۆیان کردبوونەوە دەقاودەق بوون.**

هاوژینی بەرێ د.قاسملوو بۆ نووسەری ئەو بابەتە ی باسکرد و گوتی: "سێ جارلەگەڵ تاڵەبانیی سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو قسەم لەگەڵ تاڵەبانی کرد هەر سێ جار وەلامی جۆراوجۆری دامەوە .

مەلا عەبدوللاو هجری و تیمەکانیان لە مەسەلەی تێرۆری ئەندامانی حدکا لە باشووری کوردستان کە ژمارەی جۆراوجۆرو سێ رەقەمییان راگەیانراوە، تێرۆریست و هاودەستەکانیان ناسیون. تێرۆریستەکان بە هەر مێزان کە ویستبێتیان ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان کە هاتبوونە سەردانیان کوشتوون. بۆ پێشگرتن بەو تێرۆرانە لە لایەن مەلا عەبدوللا وهجرییەوە تەنیا یەک جار تاڵەبانیی نامەیەکی بۆ مەلا عەبدوللا ناردووە. تاڵەبانیی لەو نامەیەشدا، داوای "تەساهولی" کردووە کە بۆ کوشتنی چەند ئەندامی حدکا مەلارازی بێ کە راپۆرتی کوشتنەکەیان بە درۆ بنووسن و مەلاش قبوڵی کردووە. بروانە نامەی لاپەرەی 436 لە کتێبی وتوێژەکانی مەلا عەبدوللا لەگەڵ خۆی بە ناوی " ئەزمونی خەیات".

مەلا عەبدوللا وتیمەکەی ئەوەندەیان لایەنگرو ئەندامی حدکا لە باشووری کوردستان بە کوشتداوە کە حیسابی کوژراوەکانیان بۆ نەکراوە. هجری و دارو دەستەکەی لەو جینایەتانەدا جیا لە بێدەنگە کردن لە جینایەتەکان نە کارێکیان کردووە و نە شتێکیان لەدەست هاتووە و نە بەندکراوانی قژلەکەیان لە واقعییەتەکە ئاگادار کردووە کە خۆیان لەو کوشتارگەیە دەرباز بکەن. ئەو رێبەرانە ئەو ئۆردوگا نشینیی و بەکوشتدانی لاوانی کورد و ئیسکۆرت کردنی خۆیانیان بۆ سەرئاودەست لە لایەن ئەو لاوانە بە خەبات بۆ ئازادیی کوردستان و زیندوکردنەوەی "کۆماری کوردستان" بە خەلکی کورد فرۆشتووە.

لکاندنی مەلا عەبدوللا بە صحراوودی و فلاحیان و کارگێرانی ئیتتیلاعاتیی رژیم، پێشنیاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە تاڵەبانیی بووە. وێدەچی ئەو پێشنیارە، مەلا عەبدوللا، خۆی بە ئیتتیلاعاتی سپای کردبێ کە پێوەندییەکانی خۆی و سپای پاسداران لە رێگەی تاڵەبانییەوە بەرێوە بەرێ. بەڵگە نامەی ژمارە ٣٢ لە خوارەوە لە بەشی پێنجەم دابخوێنەوە!

## بەڵگەنامەی ژمارە «٣٢»

**نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ جەبار فەرمان سەبارەت پێکگەیشتنی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران:**

**لە ٢٨ / ٩ / ١٩٩٥دا تاڵەبانی نامەیەک ئاراستەی جەبار فەرمانی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری «ینک» دەکا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
سکرتێری گشتی

**هەڤاڵ و برای خوشەویستم کاک جەباری بەڕیز**

سلاویکی گەرم
شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئیمەش باشین.
لەسەفەری تاران دا پیم وایە چەند شتێکی زۆر گرنگمان بەدەستهیناوە:

**یەکەمین:** هاوکاری هەتاسەری ئێمەو المجلس الاعلی ــ بەسەرۆکایەتی سەماحەتی السید باقر الحکیم کە بۆ ئێستە و دوا رۆژی عێراق باش و پێویستە وا دەقی هەردوو رێککەوتنی ئاشکراو نهێنیتان بۆ دەنێرین نهێنی یەکە دەبێ زۆر زۆر زۆر نهێنی بێت و کەس نەزانیت: ئەوەش ئەساسە: لە هەمو حاڵەتیکدا لەسەری دەرۆین و جێ بەجێ ی دەکەین بەڵام (١) بەخشکەیی (٢) لە ژێر پۆششیکدا. لەسەرەتادا هەول دەدەین پۆشش INC (**لێرەدا تاڵەبانی دەیەوێ INC وەک دەمامکێک بۆ راپەڕاندنی پرۆژەیەکی دیکە بە کار بهێنێ ــ دیراسات**) بێت، یان هاوکاری فراوانی معارەزە. جا ل: کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو رێککەوتنە تۆ + کاک قادرمان داناوە بۆ هەڵسوڕاندن و جێبەجێ کردنی کارەکان. هیوادارم هەر فیلەکە بیت!

**دووەم:** رازی کردنی ئێران بەو رێککەوتنە، هەروەها بە یارمەتی دانی هەردوولامان بۆ سەرخستنی کارەکە: واتە رازی بوونی جەمهوری ئیسلامی بە هاوکاری کردنی ی.ن.ک + المجلس الاعلی بۆ رووخاندنی رژێم + داهێنانی عێراقی دوا رۆژ کە لە رێککەوتنی پێشومان لەگەڵ المجلس دا باسی لێوە کراوە، کە تێیدا مافی چارەی خۆنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هاتووە. واتە ئیتر «ئێمەو المجلس» بە رەوڕەوەی رزگاری عێراق دەزانێت واتە بەهەر سێ لامان پێکەوە کارە هەرە ئەساسیەکە دەکەین.

**سێیەمی** رێککەوتنێکی هەمەلایەنەو شامیل و کامیلی دورو درێژ لە نێوان ئێمەو ئێران دا کە بێ گومان پرۆژەکەی دەبینن.

**چوارەم** هەروەک بریاردرا رێککەوتنەکەی پێشوو جێبە جێ بکرێت.

شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە؟ — ٢٩١ — دیراسە ژمارە «٢٩»

**پێنجەم:** جەمهووری ئیسلامی سوور نەبوون لەسەر بەپەلە دەرکردنی حدکا، بەڵکو داوایان لێ کردووم کە بەهێمنی و شێنەیی و بەخشکەیی هەولدەم لەگەڵ مەلا عبدالله بۆ ئەوەی پێک بێنەوە لەگەڵ (ج ئ) دیارە هێشتا ئەساسەکەو شەرتەکانی روون نین بەڵام خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر گرنگە: باس لە چالاکی سیاسیان دەکرێ + لە چارەسەرەکەی ئیمام وەختی خۆی گوتبووی و هتد.

بەگشتی من لەم سەفەرەی ئێرانم زۆر رازیم: ماوەتەوە جێبەجێ کردن: پێم وایە کلیلەکەی رێککەوتنەکەی «ئێمەو المجلس»ی ئەعلایە کە رێبەر + سەرۆک جەمهووری + پاسداران + هەموان ئیتر زۆر زۆریان پی باش و گرنگە.

بۆیە هەر خۆت و کاک قادر لە بەچاکی هاوکاری کردنی المجلس زۆر زۆر زۆر گرنگە بگرە هەموو شتەکانی تری پێوەبەندە.

ئەوەی گرنگە بەلامەوە کە بۆ دوا رۆژی عێراق و شتە ئەساسیەکان (ج.ئ) لەگەڵ (ئێمەو المجلس) پێکهاتووەو بەس و کەسی تری تێدا نییە! واتە ئەوەیە سێ کوچکەکە:

**لە دواییدا ئێمە لێرە قسەمان درێژ بوو.**
**تکایە جارێ ئەم نامەیە هەر بۆ خودی خۆتە.**
**و هەر بژی بۆ**

**برای دڵسوزتان**
**مام جەلال**

**ئاگاداری**

بۆ الحسینیەکەی سلێمانی ئەرزێکی باش بەناوی منەوە داوا بکەن و لێرەشەوە مهندس دێت بۆ تخطیط کردنی.

شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە؟ — ٢٩٢ — دیراسە ژمارە «٢٩»


رێبەرانی سیاسیی کورد و ئازادییخوازیی ؟

**تاڵەبانیی و جیهانی سیاسەت و پێوەندییە سیاسییەکانی**

**واقعییەت ئەوەیە کە تاڵەبانیی پیوەندیی یەکی سیاسیی بە دەوڵەتی ئێرانەوە نەبووە. پەیوەندیی تاڵەبانیی و نوێنەرەجۆراوجۆرەکانی تەنیا بە دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە بووە. ئیمزاکردنی کوتەکاغەزێک لەلایەن پاسدارێکی تێرۆریستی ناوزراوی جیهانیی بە ناوی ذوالقدر پێوەندیی سیاسیی بۆ تاڵەبانیی دروست ناکردووە. تاڵەبانیی نە موشاویرێکی ئاشنای بە پەسندکراوە ناونەتەوەییەکان هەبووە نە خۆی شارەزاییەکی سیاسیی لە جیهانی سیاسەتی سەردەمی کۆن و نوێ هەبووە. ناوبراو لەوە ئاگادار نەبووە کە : هیچ دەوڵەتێک بە پێی پەیماننامەی ١٩٦٩ڤییەن ناتوانێ لەگەڵ گرووپ، تاقم، حیزب، عەشیرە و خێڵ( دەرەکیی و ناوخۆیی) پەیماننامە ئیمزابکا. ڕێکەوتنی تاڵەبانیی لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپا تواندنەوەی یەنک لە ناو سپایپاسداران بووە و لە ئەدەبیاتی سیاسییدا ئەو پێوەندیی یە بە بوون بە "ستون پێنجەم" وڵاتێکی دیکە fifth column دەگوترێ.[1]**

**پاسدار ذوالقدر بۆ بەرێوەبەرانی یەنک، هەیئەتی وەزیران و وەزارەتی دەرەوە ی ئێران بووە. تاڵەبانیی خۆی وەکو دەوڵەتێک ناوبردووە و پێی وابووە دەتوانێ ببێتە هاوپەیمانی دەوڵەتێک.ناوبراو لە سیستمی حکومەتیی ئێران و پەیوەندییە ناودەوڵەتییەکان شارەزانەبووە سیاسەتکاری کورد پێیان وابووە " ئەوەی سمێڵی سور بێ هەمزاغایە".**

**هێنانی جینایەتکارێکی تێرۆریست بە ناوی جعفر صحراروەی، بۆ "یاخسەمەر– ناوەندی یەنک (ناوماڵی تاڵەبانیی ) بە ناوی نوێنەری سیاسیی و سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران و ناساندنی بە هاو ڕێکانی سەرکردایەتیی و ناردنی زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی بۆ فرۆشتنیان بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە کرماشان، ورمێ و سەردەشت هاوپەیمانیی دوو دەوڵەت نەبووە. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەکانی ١٠٣–١٠٤ نوسینی نەو شیروان مصطفی لەووێنەیەدا که لە ژێرەوە نیشاندراوە.**



دەس پێ کردنی پێوەندی
لەو ماوەیەدا چەند کەس لە بەرپرسەکانی یەکێتی: لە سەرەتا دا دلێری سەید مەجید و دوای ئەو، د فوئاد مەعصوم، ئازاد هەورامی، جەبار فەرمان، دارای شێخ جەلالی حەفید، ڕەفعەت عەبدورەحمان، عەلی پچکۆل، شێردڵ حەوێزی، جەلال عەبدولقادر، بە کۆمەڵ و بە جیا سەردانی ئێرانیان کرد لە سەردەشت، ورمێ، کرماشان لە گەڵ کاربەدەستی ئێرانی، لە (اطلاعات) و (سپای پاسداران) دانیشتن

١٠٣

و، لە کاربەدەستانی ئێرانیش چەند کەس هاتن بۆ گەڵاڵەی شینکایەتی، یاخسەمەر، بەرگەڵو. ئێرانیەکان وەکو ئەوەی لە خەباتی ژێرزەمینی دا بن، هەمیشە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان ئەگۆڕی و بە ناوی وەهمی ـ نهێنییەوە قسەیان لە گەڵ ئەکردین.

**جێیسەر سوڕمانە کە تاڵەبانیی هیچ پرەنسیپ و بنەمایەک و عورفی دیپلۆماتێک و ئەمنییەتیی لە پێوەندیی بەو رژیمانەوە نەپاراستووە کە بۆلایان خزیوە. نەوشیروان و هاوکارانیشی هەروەکو تاڵەبانیی لەجیهانی سیاسەتیان رووانیوە.**

**لە ناو کامخێلی سەرەتایی لە ئەفریقا و لێرەوارەکانی ئامازۆن کارێکی ئاوادەکرێ و ناوی هاوپەیمانەتیی لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەسەر دادەنرێ؟ کاتێک کە تاڵەبانیی لە ١٩٨٦ تەنزیمەکەی کورد بە بەشێک لە سپای پاسداران و ئەو خەلکە فیداکارەی کورد بە کەواسوری بەرلەشکرو ستونی پێنجەم (تابورە ) دواتر خۆیان لە نووسراوەکانیاندا دانیان پێدانا کە کارەکەیان هەڵەبووە و یەکتریان بە خولقێنەری کارەساتەکان تاوانبار کرد. راپۆرتەکەی تاڵەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری یەنک و وەلامەکەی نەوشیروان لە " هاوخەباتییەوە بۆ تەخوین".پێشتر بڵاو کراونەوە.**

**دۆزینەوەی ئەمارە دادوەرییەکان لە تەزویرەکانی مەلا عەبدوڵلادا**

1 _ دانشنامه سیاسی داریوش آشوری صفحه ١٩٧

دۆزینەوەی ئەمارە دادوەرییەکان لە تەزویرەکانی مەلا عەبدوللادا کاریکی زانستییە و هەردادوەریکی لیکۆلینەوە بۆ ئاشکراکردنی واقعییەتەکانی هەر رووداویک بەدوایاندا دەگەڕین. ئەوانە کەشف و دۆزینەوەی دەزگایەکی بە هیزی ئیتتیلاعاتیی دژ بە مەلا عەبدوللانین مەسەلەکە زۆر ساکارە. ئەوانە بەرهەمی کاری پیداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا بە دەقەکەی کاویانە. هەرکەسیکی دیکەش دەتوانێ ئەو کارە بکا. کەسیک کە بتوانێ کتیبەکەی کارۆل پرون هوبیربە زمانی ئینگلیزی بخوینیتەوە و بتوانێ لەگەڵ ئەو دەقەی کە مەلا عەبدوللا کە بە ناوی ئیدیتتۆری کتیبی خولیاو مەرگی قاسملووی کورد [ لە ئەسڵ دا رەحمانی کورد، خولیای کوردستان] بووە بڵاوی کردووەتەوە لە بەرامبەر یەکتر دابنێ، بۆی دەر دەکەوێ کە مەلا عەبدووڵا بە نوینەرایەتیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، صحرارودی، علی فلاحیان، تالەبانیی و زانیاریی ینک ئەوکارەی کردووە.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لەو کارە خەبەرییەدا کە وەئەستۆی گرتووە راپۆرتی لەسەر خۆشی نووسیوە. ئەو کەسەی کە پێوەندیی ئیتتیلاعاتیی مەلا عەبدللای لەگەل تاوانباران بە کوشتنی د.قاسملوو و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ تویژەرەوەی ئەم بابەتە ئاشکرا کردووە، شەخسی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بووە. تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا ئەو ئاڵقە بزرکراوەکانیان ئاشکرا کردووە.

بەختەوەرانە مامۆستا کاویان لە ئارادایە و چوار بەشی یەکەمی ئەم لیکۆلینەوەیەی بۆ خوێندراوەتەوە و مەلا عەبدوللا ناتوانی وەکو باقی تەزویرەکانی دیکەی لیبان ڕابکاو پاساویان بۆ بینیتەوە.

مەلا عەبدوللا نوسخە دەستنووسەکەی مامۆستا کاویانی لەلای خۆی راگرتووە. مخابن ئەویش لە هەلو مەرجیکدا نییە کە نوسخەکەی لێ وەربگریتەوە. دوو کەس داوایان لیکردووە کە بلێ چی بەسەر ئەو دەستنووسە هیناوە. مەلا عەبدوللا بە کەسیکیانی گوتووە: "ناردوویەتی بۆکارۆل پرۆن هۆبیر (نووسەری کتیبەکە)؟! رەنگە کارۆل بیهەوێ لەروی کوردییەکەیەوە کە مەلا عەبدوللا پییداچووەتەوە چاپی سیهەمی بڵاو بکاتەوە. بە نەفەری دووهەمی گوتووە داویەتەوە بە " کاک فەتاح کاویان، واتە وەرگیڕی کتیبەکە. دواتر ناوەکانیان لەسەر ئیزنی خۆیان بڵاو دەکریتەوە.

نووسەری ئەم دیرانە پێوەندیی بە مامۆستا کاویانەوە گرت. چاوەروان دەبم تا مەلا عەبدوللا لەسەر تەزویرەکانی خۆی و پێوەندییەکانی بە ئیتتیلاعاتی سپاو صحرارودیو فلاحیان و هاوکارانیانەوە بەوردیی لەسەر ئەو تەزویرانە بدوێ،بنووسێ یان لە کانالە خەبەرییە کانەوە رابگەیەنێ کە ئەو عەبدللا حەسەنزادەیەی کە ئەو هەزاران تەزویرەی کردووە و بزوتنەوەی گەلیکی بە چەند ماشینی دزیتیی و جیرەیەک بە تاڵەبانیی و صحرارودی فرۆشتووە هیچ پێوەندییەکی بە مەلا عەبدوللای راستەقینەوە نییە و مەلا عەبدوللای راستەقینە ئەو کارەتەزویرییانە مەحکوم دەکا. بۆ ئەوەی خەلکی کورد وەکو زۆرجاران کە ریبەریان داتاشیوە، بەلام زۆری پێنەچووە چونکە چیوەکە پوک و مۆرکەلیدراو بووە، دەبێ رابگەیەنێ کە دوو مەلا عەبدللا هەیە: مەلا عەبدوللایەکی تەزویریی لەبری ئەوە وەکو ئەبوبەکری بەغدادی عابا دەبەرکا'، بە کراوات و "بۆینباخ " و چاویلکەی رەشەوە خۆی دەردەخا. ئەوە تەزوییرییەکەیە. ئەو عەبدوللایە بە جۆریک خۆی تەزویر دەکا کەس نایناسیتەوە. ئەوەیان هەر لە منداڵیەوە تەزویریی بووە.مەلاو چاویلکەی رەش و بۆینباخ و سەیارەی مۆنیکاو ئیسکۆرتی دەورو پشتی ئاودەست وچەندین ماڵ و ملکی ئەمانەتیی ... بەلام مەلا عەبدوللای راستەقینە کاری بە کاری سیاسەتڤانانەوە نییە و پیی وایە سیاسەتڤانان راستگۆترین کەسانن. بۆی ناکرێ لەسەر ئەو تویژە راستگۆیە بە خراپ بدوێ.با بە پاسدار بەسیجییەکانی پشتیوانی بسپیرێ و یەکیک لۆخۆی بکاتە شەریکە تاوان و هەلویستیی حیزبیی دەرببڕی.

ئاخرکاریکی کە مەلا عەبدوللاو تیمەکەی بۆ رژیمی ئاخوندەکانی تارانیان کردووە و لەوکارەدا تەنزیمەکەی تالەبانیی دەوریکی سەرەکیی گیراوە، نووسینی ئاشبەتاڵنامە و توناکردنی بزوتنەوەی رزگارییخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بووە. لەو ئەرکە

"نیشتمانیی"یەش دا دوکتور فواد معصوم، سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق، دوکتور کەماڵ فواد،چەتۆ حەویزی و دارۆ شێخ نوری دەوری سەرەکییان گێڕاوە. بروانە[2] هەروەها کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

## نووسینی سەرچاوە بۆ کتێب لە سەردەمی ئێستا دا ؟

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە پێداچوونەوەی کتێبەکەی کارۆڵدا کە مامۆستا کاویان وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردیی کە ٣٣٢ سەرچاوەی هەیە ٣٢٢ سەرچاوەی کتێبەکەی سانسۆر کردووە وتەنیاچەند سەرچاوە نەبێ کە پێیوابووە بۆ شاردنەوەی واقعییەتی تیرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی وداپۆشینی رومای جینایەتکاران و پاکانە کردن بۆ ئەو بکوژانە و هاوکارانیان بەکەڵکن بۆ پەراوێزی چەند لاپەڕەیەکی راگوێستوون و باقی سەرچاوەکان کە بریتیی بوون لە: لێکۆلینەوەی داداوەران و پۆلیسی دادوەریی، لێکۆلینەوەکانی دەزگا ئەمنییەکان، نەزەری خیبرە وکارناسان،زانیاریی کۆکراوە لە ئاکامی راگەیەندراوی تاقیکاریی تاقیگەکان،رۆژنامەنووسان، ئاگاداران، ئاشناو دۆستی تیرۆر کراوان، حوکمی دادگای میکونوس و راگەیەندراوی زانیاریی دەزگائەمنییەکان. هەموو ئەمانەبە گشتی کەو توونە بەر مقەستی رقو کینەی مەلا عەبدوللا و تەفروتونا کراون.

سەرچاوەکانی ئەو کتێبە لە لاپەڕەی ٣١٥ وە دەستی پێکردووە ولە لاپەرەی ٣٤٩ دا کۆتایی پێهاتووە. بەهۆی زۆربوونی لاپەرە سانسۆرکراوەکان و نەبوونی کات بۆ نووسەری ئەم بابەتە نە دلوا. ئەو بەشە سانسۆرکراوانە و دەیان لاپەرەی سانسۆر کراوی دیکە وەرگێڕی و بیانەکا بە کوردیی. پێویست ناکا ئێمە لێرەدا کاری دووبارە بکەینەوە. بۆیە ناچارین داوابکەین ئەو بەشە سانسۆرکراوانەی نوسخە رەسەنە سەرەکییەکەی مامۆستا کاویان لەو سایتانەی کە خۆی بەسەریاندا راناگا و بەرپرسی بڵاوکردنەوەی تەزویرەکانی ئەو و ئیتتیلاعات نین، رێگەبدا بڵاو بکرێنەوە. ئاوی رژاو، کۆ ناکرێتەوە. دەستەکە روو کراوە.

ئەو ٣٥ لاپەرەیە لە لایەن مامۆستا کاویانەوە کراون بە کوردیی. پێویستە نووسخە دەستنووسەکەی مامۆستا کاویان بداتەوە بەخۆی تا ئەو ٣٥ لاپەڕەیە لە سایتێکی بێلایەن و سەربەخۆدا بڵاو بکرێتەوە.

ئەگەر مەلا عەبدوللا بیهەوێ ئەو دەسخەتەی مامۆستا کاویان لای خۆی ڕابگرێ، ئەوکارە باشتروایە خۆی بیکا چونکە ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ. جینایەتگەلێک کراوە، کارەساتگەلێک بە ئاگاداریی مەلا عەبدوللا خولقێندراون،ئەوانە دەبێ ئاشکرا بکرێن. مەلا عەبدوللا خۆی تاوانبارە بە بەشداریی کردن لە پیلانی ڕادانی حدکا و فرۆشتنی بە ئیتتیلاعاتی سپاو تالەبانیی کە کوشتاری بە کۆمەڵی لێکەوتووەتەوە. مەلا عەبدوللا نووسخەی دەسخەتی وەرگێڕاوەکەی مامۆستا کاویانی زەوت کردووە. ئەوەش سودی نیيە ناچارە وەلامی تەزویرەکانی ناو کتێبەکە بداتەوە.. بەسەدان تاوانی کوشت و بڕ بە ئاگاداریی مەلا عەبدوللا کراون و ناوبراو شاردوونیەوە. بۆ وێنە لە جینایەتی گوللەباران کردنی چوار ئەندامی بەرپرسی حدکا سەید منصور ناصری و سێ لە هاورێیانی بە ئاگاداریی مەلا عەبدوللا لە دەروازەی کۆیە بە بریاری ئەندامێکی ینک کوژراون. سەرکردایەتیی حدکا و بە تایبەتیی مەلا عەبدوڵلا لەدادگەکەیاندا دەبێ ناوی بڕیاردەری تاوانەکە بدرکێنی حاشاکردن و وەلامی فیچەڵفاچ دانەوە و ئاخوندیی و درۆکردن جێینەماوە. لەو سێ و پێنج لاپەرەیەدا کە حەیاکیی سانسۆری کردوون وشەکانی ئەژمێدراون و سەرجەم ١٤٣٠٥ وشەن کە بە شێوەی داعیشییەکان سەریان بردراوە.

کارل تێئۆدۆر گوتێنبێرگ وەزیری بەرگری ئالمان کە بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە نووسراوەی کەسێکی دیکە لە کۆتایینامەی خوێندنی دوکتوراکەیدا ناوەکەی نەنووسیبوو، زانستگەی گوتینگێن رایگەیاند دیپلۆمی دوکتوراکەی لێوەرگرتووەتەوە. ناوبراو ناچار کرا بە تاوانی تەزویر دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە. ناوبراو ئەو کارەی کرد. بەلام لە کۆمەڵگای کورد مەلا عەبدوڵلایەکی کە بە فرۆفێل لەگەل تالەبانیی و صحراروردی دەکرێتە هەموو کارەی حدکاو ئەو هەموو کارەساتە بەسەرکورد دێنێ شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان لە ئیجارەی ئەودایە.

.

2 _ http://www.peshmergekan.com/pdki/pdki-puk-hersh-peshmergekan-com.pdf

نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە چاوەڕوان دەبێ کە هەڵوێستی ئەندامانی تەنزیمەکەی مەلا عەبدوللا بخوێنێتەوە و ببینە کە ئەو هاوکارانەی مەلا عەبدوللاو دەروێشەکانی تاکوێ لەو تاوانانەیدا کە کردوونی هاودەستن و وەفادارییان بۆڕێبەرانی تێرۆرکراوی کورد تاکوێیە و تا چ رادەیەک هاودەستیی مەلا عەبدو للا لەگەل دوژ منانی کورد ویژدانی هەژاندوون و چۆن و چ بریارێک لەسەر ئەو کابرا تەزویرکارە کە بزوتنەوەی گەڵێکی توناکردووە چۆن هەڵدەسەنگێنن یان چۆنی پینە دەکەن. ئەوانەش ژمارەی ئە؟ولاپەرانەن کە سەرچاوەکانیان تێدا نووسراون و مەلا عەبدوللا سانسۆری کردوون.

٣١٥، ٣١٦–٣١٧، ٣١٨–٣١٩، ٣٢٠–٣٢١، 322–323 –٣٢٤–٣٢٥، ٣٢٦–٣٢٧، ٣٢٩–٣٢٨، ٣٣٠–٣٣١، ٣٣٢–٣٣٣، ٣٣٤ –٣٣٥ –٣٣٦ –٣٣٧– ٣٣٨– ٣٣٩– ٣٣٤٠– ٣٤١– ٣٤٢– ٣٤٣– ٣٤٤– ٣٤٥– ٣٤٦– ٣٤٧– ٣٤٨

عەبدوللا حەسەنزادە لاوازترین خاڵی ئەمنییەتیی حدکا وخۆش سەوداترین کەس بۆ فرۆشتنی حدکا بووە. لەگەل هەموو ئەوانە ئاشکرا کردنی پێوەندیی‌یەکانی مەلا عەبدوللا بە ئیتتیلاعاتی سپاوە بۆ کەسانێک کە ئاشنای پێشینەی مەلا عەبدوللابووبن زۆر سەیر نەبووە.

ئەوانەی رەخنەیەکیان لە مەلا عەبدوللا گرتبێ بە چەندی بە چەند، خەبەرخۆش، بێ ویژدان و بە جاسوسی ئەمریکا ... ناوی بردوون، بەشێک لە ئەندامانی حدکای بە تاوانی تودەیی بوون لە حیزب وەدەرناون. بەسەرهاتی کەریم حیسامیی یەک لەو رووداوانەیە کە لەشوێنیکی‌دیکەدا باسی دەکرێ.

## پێوەندیی مەلا عەبدوڵلا بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە

لە دوای سالی ١٩٨٦ و تواندنەوەی یەکێتیی نیشتمانیی لە ناو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران‌دا کە پێشتر بە درێژیی باسی کرا، مەلا عەبدوللا هاوکاریی خۆی لەگەل تالەبانیی و زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و بە تایبەتیی صحراروی و فلاحیان و محسن رضائی شێلگیرتر کرد. کرتە بۆئێرە بکە و Ctrlنترۆل داگرە![3] بۆنوسخەی چاپکراوەکەی بروانە ئەو لینکە[4]

وتەکانی فلاحیان لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ لە تەلەڤیزیۆن دا کە گوتبووی'' تویژی سەرەوەی رێبەرایەتیی حدکای لەژێر چنگی‌دایە. کتێبی خولیاو تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا هاواردەکەن کە ئەو مشکە لەناو چنگی کام پشیلەدا بووە؟ ''خوویا بووە کە کێی لە ژێر چنگی دابووە. ئاخر بەرەڤانیی دیفاع کردن لە خۆ لە دادگەی میکونوس Plädoyer im Mykonos – Prozess هانس یواخیم ئێریک، وتەکانی فلاحیانی بەم شێویەیە بۆ دادگە باس کرد:

" فلاحیان لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندی و سێ کەسەکەی دیکە ئەو واقعییەتەی ئاشکراکرد کە حدکا هەر وەکو بەرێ ئامانجی هێرش دەبێ و تێی‌دەسرەوێنێ . ناوبراو گوتی: لە رابردوودا تیی‌سرەواندووە و لە دادێشدا تێی‌دەسرەوێنێو تا روبەری تویژی سەرەوەی ئەو حیزبە نفوزی کردووە و و تارادەیەک لە ژێر چنگی دایە."

ئەو پێوەندیی و یەکگرتوویی‌یە لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، ئێستاش و دوای نەمانی سیاسیی تالەبانیی گەرم و گوڕتر لە جاران درێژەی هەیە. وتەکانی د. مەحمود عوسمان لەو پێوەندیی‌یەدا و لەگرتەیەکی بڵاوکراوەدا سەرنجراکێشە. مەلا عەبدوللا خۆی لە وتویژ لەگەل کریس کۆچرا تانەی لە تالەبانی‌دابوو پلاری تێگرتبووکە: تالەبانیی رێگەی‌دابوو ئێرانیی‌یەکان هێرش بکەنە سەرکۆیە و بە وتەی ناوبراو گوایە تالەبانیی نەیتوانیبوو "نا" یان پێبلێ.ئەو وتانە لە لاپەرەکانی ٢٨٨–٢٨٩–٢٩٠ و ٢٩١ بە زمانی فارسی تەرجەمەی مافناس مامۆستا عزیز ماملی لە تەرجەمەمەی کتێبی " جنبش ملت کردو خواست استقلال‌دا بخوێنەوە!

لە لاپەرەی ٤٩ پاراگرافی دووهەمی کتێبی خولیاو مەگی رەحمانی‌کورددا دا نووسراوە: بۆئەوە سەر لە نوێ پرسینەوە لە بوزورگیان بکرێتەوە "وەزیری خانەی"! ؟ [ بخوێنەوە وەزیری دادوەریی] ئوتریش ئاغای فوریگێر گەرەنتی[ دەستوری دەستبەسەرکردن یان قەراری گرتن] ی بوزورگیانی وەلانا.؟!

---

3 _http://news.gooya.com/politics/archives/2009/05/088192.php

4 -http://news.gooya.com/politics/archives/2009/05/088192print.php

وەزیر ناتوانێ کاری ئاوا بکا. ئەوە هەڵەی نووسەرە. دانی قەراری گرتن، دەستبەسەر کردن و ئازادکردن لە چوار چێوەی رەوایی ئەو دادوەرەدایە کە پەروەندەکەی لە لایە، نە وەزیری دەزگای داد پەوەریی. ئەگەر وەزیری دادپەوەریی کارێکی ئاوا بکا بێکاری دەکەن. کاری ئاوا تەنیا مەلا عەبدوللا دەتوانێ بیکا. سێ تێرۆریست دەنێرێتە گاگەش کە تۆمەتبارێک بێ هیچ لێکۆلینەوە و دیفاعێک لە توکوت بکەن. بەلام رۆژانە چەندین ئەندامی حدکابە دەستی ئیتتیلاعاتی سپاو زانیاریی ینک و بەدانی زانیاریی لە مالەکەی مەلاوە بە ئیتتیلاعات و تێرۆریستەکان دەناساندرێن و دەکوژرێن بە خەیاڵی مەلاو شەریکە تاوانەکانی دانایە. تێرۆر کردنیان پێ باشترە چونکە نانخۆرێک کەم بێتەوە و نانەکە دەچێتە ناو ناندێنەکەی مەلا و پرتەو بۆڵەو جنێودانەکەش پاشەکەوت دەکرێ.

مەلایەتیی و سکرتێریی حدک و ئیدیتۆریی و پێداچوونەوەی وەرگێردراوی کتێبێکی ئینگلیزیی و تەزویرو جاسوسیی ؟ ئەوە چ دووکان و بازارێکە کە ئەو جەماعەتە وەرێیان خستووە و تییدا گیان و سەرو ماڵی مرۆڤی کوردی تێدا دەفرۆشن؟!

## دروست کردنی وشەی بێ مانای گەرەنتی‌نامەی بۆ چەواشەکردن ؟!

لەهەشت رۆژی مانەوەی صحرارودی و بزورگیان لە ڤییەن، دادوەرانی لێکۆلینەوە قەراری گرتن و دەستبەسەرکردنی صحرارودیی و بوزورگیانیان بە پۆلیس راگەیاندبوو. کارۆل لە دوو وشەی warrant arrest کە ئالمانیی‌یەکەی Haftbefehl بە واتای گرتن و خستنەژێرچاوەدێریی لەلایەن پۆلیسەوەیە کەڵکی وەرگرتبوو.
لەو ولاتانەدا کە نیزامەکەیان قانوونی‌یە، تەنیا دادوەرانی لێکۆلینەوە دەتوانن بریارێکی ئەو تۆبدەن. پۆلیس مافی ئەوەی نی‌یە بریاری گرتنی کەسێک بدا. مەلا عەبدوللا ئەو وشەیەی داتاشیوە بۆ ئەوە بیشارێتەوە کە ئەوو دووە تۆمەتبار بە کردنی جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بوون. کەس لەو گەرەنتی نامەیەی مەلا دەستبەسەرکردن و گرتن فام ناکا. مەبەستی حەسەنزادە لە گۆڕینی ئەو وشەیە پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکان بووە.
زۆر جێی‌سەرسوڕمانە کە مامۆستا کاویان رێگەی داوە کە مەلا عەبدوللا خۆی گوتەنی ئەو هەزاران مشکە لەو وەرگێراوەدا بکوژرێ. نابراو تەنیا کە ئەلف و بێی ئارامیی ناسیوە. ئەگەر خاوەنی ئەم قەلەمە ئەو لێکۆلینەوەیەی نەکردبایە مەلا عەبدوللا ئەو هەزاران تەزویرەی خۆی بە کاری کاویان لەقەلەم دابوو.
کاتێ نەزانێک خۆی‌دەکاتە پسپۆر، ئێدیتۆر، سکرتێر و بریاردەری سەروماڵی کەسانێکی خۆبەختکەرو بێ ئاگا، کارەساتەکان یەک بەدوای‌یەکدا روو لە هەژارانی کورد دەکەن. مەلا عەبدوللاش بە پارەی خوێنی فرۆشراوی کەسانی نائاگا جەژنی لە دایکبوونی خۆی دەگرێ و بە نەفامیی خەڵکێکی نائاگا پێدەکەنێ و بە خۆیدا هەڵدەڵێ. ئەوانەی لەساڵرۆژی لە دایکبوونی فضول الدولەکەی رەوانشاد هێمندا سەری شووشەیان بۆ باداوە، دەستخۆشانەیان ناردووە بۆ جینایەتکارانێک کە لە ڤییەن و برلین تیری خەلاسیان لە مێشکی رێبەرانی حدکا ولە دلی ئازادییخوازانی کورداوە.

لاپەڕەی ٣٣ دەقە ئینگلیزیی‌یەکەی کتێبێ خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

پاراگرافی ی ٣ی لاپەرەی ٣٣ چوار هێڵی قرتێندراوە و لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللادا نەنووسراون کە بریتین لە:

Not only hat he obtained 80 percent of the vote , but he was also one of the few lay person elected to that body, created to design the constitution for the new Islamic Republic .Clerics and other fundamentalists occupied the majority of the seats.

ئەو [ دوکتور قاسملوو] نە هەر هەشتا لە سەدی دەنگەکانی وەدەست هێنابوو، بەلکو ئەو تەنیا کەسێکی لائیکی ( نەروحانی– نە مەزهەبی) هەڵبژێردراو بۆ دارشتنی گەلالەی قانونی ئەساسیی نوێ بۆ کۆماری ئیسلامیی بوو.

ئەو چەند دێرەش کە لەخوارەوە دەنووسرێ دەقی نووسراوەکەی کارۆلە لە لاپەرەی ٣٣ پاراگرافی ٣ یە.

While Ghassemlou was leafing through the pages of the Quran’s searching for an explanation to the Ayatollah’s intolerance, the party‘s central committee decided that he should not attend[47]

حسنزاده مانای ئەو چەند خەتەی سەرەوەی ئاوا رەنگاندووە: لە کاتێکدا کە قاسملوو بۆ دۆزینەوەی روونکردنەوەیەک لەبارەی دڵرەقیی خومەینی یەوە پەر بە پەر بە وردیی قورئانێکی دەخوێندەوە کومیتەی ناوەندی بریاریدا نابێ[ لە کۆبوونەوەی تاران] بەشداربێ. ئەو باسەی هی حسنزادەیە و مەعلوم نییە لە مالی کێ کراوە. بەوتەی کارۆل سەرچاوەی باسەکە حسنزادەیە. لەورووەوە ئەو وتانە گومانخولقێنن: ١- جیا لەوە سەرچاوەکەی نادیارە، تەرجومەکەی ناجۆرە. ئەنتۆلێرانس بە مانای دڵرەق نییە. بەلکو بەکەسێک دەگوترێ کە جیابیرکەرەوەیی قبوول نییە.

٢ -لە قورئاندا باسی خومەینی نەهاتووە کە د.قاسملوو بۆی گەرابێ وادیارە مەلا عەبدوللا هەر ئەوەندە لە قورئان شارەزایە کە لە سیاسەتدا زەردی کردووە

٣- د.قاسملوو بە وتەی خزمەکانی بە منداليی لە مەکتەبخانە قورئانی خوێندبوو، ئەو پێویستی بەوە نەبووە کە پەڕبەپەڕی قورئان بپشکنێ بۆ ئەوە باسی "رق ئەستووریی" خومەینیی تێدا بدۆزێتەوە!! تازە ئەوکاتە "دڵڕەقییەک" لە خومەینی نیشان نەدرابوو. ئیعدامەکان و فتوای جهاد و کوشتاری خەلکی کورد دواتر هاتنە ئاراوە. ئەگەریش وەکو نموونە ویستبای مەلایەک بە دڵرەق ناودێربکا کە دواتر خومەینی پێ بشوبهێنێ پێویستی بە گەڕان لە نێو قورئاندا نەبوو. چونکە لەدەورو بەری د.قاسملوودا، دلرەقتر لە خومەینیی و ئەبوبەکر بەغدادیش هەبوو.

یارانی خومەینی رێگەیان دابە مامۆستا هێمن، شاعیری میللی کۆماری کوردستان "سروە"ی قاچاخ لە ناوەندی شۆرشەوە بەرێتە ورمێ و بە هەموو جیهاندا بلاو بکرێتەوە. بەلام مەلا عەبدوللای حسنزادە بلاو کردنەوەی سرودی "دێم و دێم و دێم"ی هێمنی لە رادیۆدا قەدەخە کرد. ئەو هێمنی شاعیری کۆماری کوردستانی بە ... پێناسە کرد. ئێستا دەرکەوتووە کام لەو دوو کەسە هاودەستی کارگێرانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعات بوون.

هێمن ١٠ سال و ٣ مانگ لە بەغدا لە هەوایەکی ناسازگاری زیندانی روحو لەشدا وەکو بولبولێکی نێو رکە لە گەڵ قالاو رەفتارێک ژیابوو، چ ژیانێک! گرتنی هێمن! هێمنی شاعیری کۆماری کوردستان تە نیا مەلاعەبدوللایەکی ئیتتیلاعاتیی دەتوانێ بێ رێزیی پێ بکاو چەک هەلگرێکی ژۆبینی حیکمەت دەوێرێ دەستی هێمنی برسیی بۆ پاروەنانێک بە تاوانی فێئۆدال بوون ببەستێ و بەرەو بنکەی پان ترکانی بەرێ.

بە پیلانی مەلا عەبدوللا و بە هاوکاریی تەشکیلاتی مهاباد کە "کاک حەسەنی شەڕەفی" بەرپرسی تەشکیلات بووە پیلانی گرتنی هێمن بە تاوانی ساختەی هاوکاریی لەگەل دوژمن بۆ پەژیوان کردنەوەی پێشمەرگە و ناردنەوەیان بەڕێوە چووبوو. بروانە هیمن لە گرتووخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. مەلا عەبدوللا لەو سالانەی کە لە بەغدا ژیابوو دلرەقتر لە لاجوردی جەللادی ئەوین رەفتاری لەگەل هێمن کردبوو. نومایشنامە سیاسییە هەزەلییەکانی هێمن کە مەلا عەبدوللا بابەتی سەرەکییان بووە نەنووسراون، بەلام ئەو کەسانەی کە لە بەغدا لەگەل مامۆستا هیمن بوون ئەو نویشنامانەیان لە بیرە کە هێمن بۆ زاخاوی مێشک بۆی خوێندبوونەوە. نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە دوو نومایشنامەی هیمنی کە بۆی باس کراوە بیستووە.

کاتێ کە بە گوێی مامۆستا هیمنم دا چرپاند کە د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی ئاگاداری پلانی ناردنی هێمن بۆ گرتوو خانەی حدکا نەبوون و بە داوای لێبوردنەوە لەو رەفتارە نارەوایە کە لەلایەن مەلا عەبدوللاو تەشکیلاتی مەهابادەوە لەگەڵی کراوە ئاگادارم کرد و پێمگوت کە هەرکاتێ بفەرموێ بەرێی دەکەمەوە. مامۆستا هێمن فرمێسکێکی لە گۆشەی چاوی کەوەیی رەنگیدا قەتیس ما، چرچ و لۆچی دەوری پیلۆکانی قولتر بوون. داخی زایەکردنی تەمەنی پیرۆزی لەگەل ئەو بەشە ماکیاویلیستە قالاو رەفتارە کە د.قاسملوو لە کورتەمێژووی رێبەرایەتیی حدکادا باسی کردوون، لە حاڵەتی دەنگی و لە هەناسەی ساردیدا سڕی کردم. لە بێوەفایی و نامەردیی ورەفتاری نائینسانیی ئەوانەی کە لە بەغدا دەسال لە گەل هێمن ژیابوون، جیا لە درۆ، جاسوسیی و خەیانەت بە نیشتمان شتێک فێرنەببوون دەبوو رەق هەلێم و تاساندمی. هێمنی شاعیری کۆمار تێداما بوو چی بلێ. دەمێک راما و چاوێکی لەدەورو بەری کردو گوتی: بچمەوە کوێ ئێرەشم پێرەوانابینن؟ لەماڵەکەی خۆم چم هەیە؟ لێرە ئاوو نانێک هەیە و چەند کەسێک کە "دوو قسەی قۆڕیان" لەگەل بکەم. دەنگی گری پڕ لە داخی ئێستاش لەگویمدا دەزرێنگێتەوە..کاتێک پێشەکییەکەی د.قاسملوو کە بۆ تاریک و رونی هیمنی نووسیوە دەخوێنمەوە هۆی ئەوهێمن ئازارییە لە لایەن مەلاعەبدوللاوە فام دەکەم.پێناسەکەی دقاسملووم بۆ مەلا عەبدوللاو هاوئاکارەکانی دێتەوە یاد کە گوتی ئەوانە ماکیاویلیست بوون: ماکیاویلیسم بەمانای درۆ لەگەل هەموو کەس بکە کلاو لەسەر هەموو کەس بنێ، هیچ مەخوێنەوە و خورێنی چەک و پارەبە! ئێستا دەزانم د.قاسملوو بە تەواوی ئەو جەماعەتەی نەناسیبوو لەبیری چوو بوو کە دەبوو بۆ وشەی سیخور بۆ بەشێکیان لە ناو پێناسەکەیدا

جێ بکاتەوە. ئێستاش وەبیرهێنانەوەی رۆژی یەکەمدیداو ئاخردیداریم لەبەرچاوە و دەنگە گڕەکەی نالەی جودایی‌یەکەی دەمهەژێنێ. بەداخم کە بۆچی ئەو تەنزیمە دەرەتانی دابوو بە نارسیسیستێک کە ببێتە ماکیاویلیست . نازانم رەنگە ئەودوو وشەیە دەکرێ لە دەرونی تاکێک دا جێیان بێتەوە.

حسن زادە ئەو چەند هێلەشی نە نووسیون و سانسۆری کردوون. پاراگرافی ٥ لاپەڕەی ٣٤ دەقی ئینگلیزیی .

'No one answered. But the contained fury of Without raising his voice, he asked in a steely tone: is Ghassemlou here among you? I don't see him. on the assembly: If that mofsed fi'l–arz had come today , I would have had him the cleric concentrated in his dark carbon– colored eyes fixed intently executed '' he exclaimed.

واتە "بێ ئەوە دەنگی بەرز بکاتەوە[ مەبەستی خومەینیی‌یە– نووسەر] بە ئارامیی پرسیاری کرد : ئەرێ قاسملوو لە ناو ئێوەدایە؟ من ئەو نابینم. کەس وەلامی نەدایەوە، بەلام تووڕەیی قەتیسماولە نێو چاوی کەوەیی رەنگی ئەو "روحانی‌یە" دارژایە ناو ئەو کۆرەوە و گوتی: "ئەگەر ئەو خراپەکارەی سەرزەوی لێرە بووایە ئەمرۆ ئێعدامم دەکرد."( پاراگرافی ٥ ل.٣٤ دەقی ئینگلیزیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان".

مەلا عەبدوللا وتەکانی بۆخومەینی شەخەڵ کردووە، هەڵیپەرتاوتوون، واتە تەزویری فەرموون و گۆڕیونی و نووسیویە :

"کوا؟[ مەبەستی د.قاسملووە] دیار نی‌یە، بریا هاتبایە، ئەگەر هاتبایە، ئەمن نیازم بوو هەر لێرە رای گرم" . بروانە دەقەکوردیی‌یەکە لاپەرەی ٥٦ خەتی دووهەم، کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان! کرتە بکە بۆئێرە و Ctrl داگرە!

حسن‌زادە وشەی ئێعدام کردنی د.قاسملووی لەلایەن خومەینیی‌یەوە سانسۆر کردووە.لەبری ئەو وشەیە نووسیویە لێرە رامدەگرت. مەلایەکی کە قێبلەی بەرەو خومەینیی سوڕاندووە چۆن بە قاتڵی ناوببا؟ !

دوای رێکەوتنی تالەبانیی لەگەل باقری ذوالقدرو هێنانی صحرارودی بۆ یاخسەمەر و دامەزراندنی دەفتەری سەرەکیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لەو شوێنە کە دەکیلۆمیترێک لە دەفتەری سیاسیی حدکا دوور بوو، مەلا عەبدوللا بە هێمنی، شێنەیی و خشکەیی بەرەو تالەبانیی و صحرارودی کشا.[ پێشنیاری ئێرانیی‌یەکان بە تالەبانیی – نامەی تالەبانیی بۆ جەبار فەرمان، وێدەچێ پێشتر مەلا عەبدوللا لەگەل ئیتتیلاعاتی سپا لە پێوەندیی‌دا بووبێ، یان ئەوە پێشنیاری مەلا بەدۆستەکانی بووبێ بۆ ئەوە تالەبانییش لەو پێوەندیی ئاگادار بکەن.] بروانە سەرچاوەکەی کرتە بۆ ئێرەو ئێرە بکە و Ctrlداگرە!

تێرۆری د.قاسملوو و دورخستنەوەی مەلا عەبدوللا لە د.سیاسیی و بەشی بێسیم و پێوەندیی‌یەکان، لە لایەن دوکتور شەرەفکەندیی‌یەوە قێبلەی مەلا عەبدوللای بە تەواوی گۆڕیبوو. روی کردە "خومەینیی" و بوو بە هاوکاری صحرارودی و تالەبانیی.

مەلا عەبدوللا دوای کشانی بەرەو تالەبانیی و صحرارودی بوو بە داوەڵی سەر ئیشکەڵە داری نێو گۆڕستان. با لەهەرلایەکەوە هەڵیکردبایێ بزگوڕی شیتاڵ شیتاڵی ئەو داوەڵە بەرەو گوزەری ئەو کونەبایە شەکاوە.

ساڵگەلێکی فرەیە کە مەلا عەبدوللا بە ڕێنوێنی سەرۆکی تەنزیمی یەکێتیی بووە بە لایەنگری" خوالێخۆشبوو ئیمام خومەینیی"و محمد جعفری صحرارودیی، سەردار رەحیمیی، دۆستی هەرەنزیکی تالەبانیی و کوڕەکانی. لەوەبەدوا ئەو رێبەرە چاخی نوێیە رێگەی پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی بۆ ئێعدام / تێرۆری دوژمنانی " خوالێخۆشبوو ئیمام خومەینیی" و ئایەتوولا رەفسەنجانی و" نیزامی کۆماری ئیسلامیی" رێک و لەبار کرد. پشتیوانیی مەلا عەبدوللا لە ئێعدامی زیندانیی‌یەکان کە بەشێکیان دێموکراتن پێشتر نیشان درا.

لاپەرەی ٣٤ دەقە ئینگلیزیی‌یەکەی کارۆل هێڵی ٦ خەتی شەشی بەرلە کۆتایی‌لاپەرەکە.

Sitting in front of the television in Mahabad , Ghassemlou was listning to his death sentences

**ماناکەی ئەوەیە : قاسملوو لە مهاباد لەبەر دەم تەلەڤیزیۆن دانیشتبوو و خەریکی گوێدان بە حوکمی مەرگی خۆی بوو.**

**مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی) ئەو دێرەی گۆڕیوە و نووسیویە:**

**"قاسملوو لە کاتێکدا لە بنکەی پێشمەرگایەتییدا دانیشتبوو، گوێی لەو قسانەی خومەینی بوو کە لە راستیدا فەرمانی مەرگی وی بوون. بڕوانە لاپەڕەی ٥٦ دەقی کوردیی خەتی ١١-١٢وەرگێردراوەکە.**

**لاپەرەی ٥٦ ئاخر پاراگراف، وتوویژی تاڵەبانی لەگەل کارۆل سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەی د.قاسملوو بۆ خۆپاراستن لە چوون بۆتاران، دوای وتەکانی خومەینی سەرنجراکێشە. بەلام لە دوو دەور وتوویژی د.قاسملوو لەگەل صحراورودیدا بە بەشداریی تالەبانیی و نەوشیروان وەکو نێوبژیوان، جەلال تالەبانیی لەکاتی چوونی بۆ ڤییەن هەرگیز ئەو ئامۆژگارییەی بە قاسملوو نەکردبوو کە بلێ مەچۆ دەتکوژن. بەپێچەوانە تالەبانی هەموو هەولی ئەوە بوو دقاسملوو بەرێ بۆتاران و وەکوخۆی لە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییدا بیتوێنێتەوە.**

**بەشی دووهەم** **-بڕگەی دووەم شاە چوو ! لاپەڕەی ٣٩ کتێبەکەی کارۆل بە ئینگلیزییول. ٦٠ی وەرگێردراو بە کوردیی،**

**لەو بەشەدا بەدلیلی ئەوە کە باسێک لەسەر صحراورودی نەکراوە و پێوەندییەکی بە کۆماری ئیسلامیی وتێرۆری د.قاسملووەوە نەبووە تەزویرێک لە وەرگێڕدراوەکەی مامۆستا کاویان دا نەکراوە.**

**بڕگەی سێهەمیش کە باسی صحراورودی و تێرۆرەکەی تێدا نەکراوە شتێکی بۆ دەستتێوەردانی تێدا نەبووە. جیالەچەند وشەو وتەیەک کە پێویست بوو دەقەکەیان بدۆزمەوە کە دەستم نەکەوتن.**


**بڕگەی سێهەم وچوارەم : مهاباد شارێکی نیشتمانپەروەر**

"

ئێدیتۆری کتێبەکەی "خولیاو مەرگی رەحمانی کورد" لە لاپەڕەی ٥٨ی پاراگرافی ٤ و ٥ کتێبەکەی کارۆلدا(خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان)، بۆچوون و پێشبینییەکی د.قاسملووی بەدژی خومەینی و دەسەلاتی مەلاکانی پێخۆش نەبووە، لەبەرئەوە لە دەقەکوردییەکەدالاپەرەی٨١ پاراگرافی٦ سانسۆری کردووە.

وەرگێڕدراوی ئەو بەشە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی)سانسۆری کردووە، لە خوارەوە بخوێنەوە

قاسملووو شەرەفکەندیی بۆ وتوویژ لە تاران بوون. قاسملوو پێیگوتین ئێمە دەبێ لەودەرفەتە باشەی ئازادیی کەڵک وەرگرین. چونکە ئەو هەلومەرجە لە ئێران زۆر ناخایەنێ. پێیگوتین چەند مانگێک دەخایەنێ" ئەوە باشترین دەمی شۆرشە. بەو زوانە مەلاکان دەست دەکەن بە زەوت کردنی شۆرش (مصادرە). هەرچوارمان چووین بۆ خواردنی ژەمی نیوەرۆ. کچەخوشکەزاکەی قاسملوو ماشینەکەی داژوت. دوای خواردنەکە قاسملوو بە خوشکەزاکەی گوت کە پارەکە بدا." لەئێران باش نییە کە ژن پارە بدا- واتە لەو جێیەی کە سێ پیاوی لێبن. کاتێ کە خزمەتکارەکە باقیحیسابەکەیهێنایەوە لەپێش قاسملووی دانا. خوشکەزاکەی د.قاسملوو مۆڕەیەکی لەوکابرایە کرد. دوایە رەحمان ئەوەی شرۆڤەکرد و بە رەسمێکی فەرهەنگی دانا؛ ئەوە گرنگ بوو کە پیاوان دەیانزانی ژنیش وجودی هەیە. ئەو بەردەوام بۆ ئازادیی ژنان خەباتی کرد. بڕوانە لاپەرەی ٥٨ ی روبەرو پاراگرافی ٤و ٥. دەقە ئینگلیزییەکەدا.


58 The Passion and Death of Rahman the Kurd

important center for wool marketing. In 1979 there were not more than forty thousand people living there.

The Kurds were attaining a power they had not had since the times of the Republic of Mahabad. The KDP (Iran) was reorganizing and strengthening itself day by day and organizing its first real meeting under the leadership of Ghassemlou, its secretary general.

Kendal Nezan, the Kurdish intellectual and politician, visited Mahabad in those days. He arrived at the Tehran airport and was surprised to find Ghassemlou waiting for him at the airport with his niece and Sharafkandi. "Given the situation, I imagined he would have had bodyguards. But he was like that, simple and modest. He did not like to flaunt his importance.[91]

"Ghassemlou and Sharafkandi were in Tehran for negotiations. He told us to take advantage [of the freedom] because this situation in Iran was not going to last: 'It will last a few months,' he told me. 'This is the best moment of the revolution. Soon the mullahs will begin to confiscate it [the revolution].'"

The four went to have dinner. Ghassemlou's niece was driving. After lunch Ghassemlou told his niece to pay. "In Iran it's not well seen to have a woman pay—and there were three adult men. When the waiter brought the change he put it in front of Rahman and gave him a deadly look. Rahman then explained that this was educational; it was important that men know that women exist. He always fought for the emancipation of women."[92]

The city atmosphere was calm and friendly. Ghassemlou and Foruhar saw each other daily. The two men used to have meals with Sheikh Ezzedin. Foreign journalists arrived every day, and many were surprised to see alcoholic beverages being consumed so openly.

It's true that there were not many women at the meetings. Nezan thinks this was due to the Persian influence in Mahabad, which was very conservative. He recalls visiting some friends who had lived in Europe; he was not able to see their sisters. On the other hand, "in the homes where there were only Kurds, everyone ate together, men and women," he added.

Ghassemlou thought that Iran did not have the economic means to launch a military campaign. He was not expecting a war, but neither did he understand Tehran's chaos. He complained that he did not have a

**لاپەڕەی ٥٩ دەقی ئینگلیزییپاراگرافی ٦ ولاپەرەی ٨١ ی دەقەکوردییەکە)Nezan(نەزان) مەبەست لەو وشەیە ناوی کەندال نەزانە کە بە بەهەڵە وەرگێردراوە. "کەسێک ناشارەزابایە... " مانای دێرەکەی تێکداوە: " کەسێک ناشارەزابایە پێیوادەبوو ئەوە بە هۆی کارتێکردن و نفووزی فارسەکان لە مهابادەوەیە کە زۆریش کۆنەپەرستانە بوو.".**

**لێرەشدا مەلا عەبدوللائەو دووخەتەی خوارەوەی لە کوردییەکەدا سانسۆرکردووە.**

He [Kendal Nezan] recalls visiting some friends who had living in Europe; he was not able to see their sisters. On the other hand, '' in the homes where there were only Kurds, every one ate together, men and women, '' he added.

**لاپەرەی ٥٩ ئینگلیزییەکە دوو پاراگرافی کۆتایی وشەی headquarter بە سکرتایای حیزب ماناکراوەتەوە کە نادروستە. ستاد یان ناوەندی بەڕێوە بەریی یان فەرماندەریی پێشمەرگە دەبوو بنووسرێ.**

**درێژەی هەیە  ٢٣ ئاگوستی ١٩١٥**